# کۆبوونەوەی دووهەمی وەڵاتانی دەریای مازەندەران

بەختیار عەزیزی




١٦ی ئۆکتۆبر کۆبوونەوەی پێنج وولاتی ڕوسیە، قەزاقستان، تورکمەنستان و ئازەربایجان، ئێران لە تاران دەستی پێ کرد، و محمود ئەحمەدی نژاد سەرەك کۆماری رژیمی ئاخوندی کە میوانداری کۆبوونەوەکە بوو سوخنرانی کرد و باسی لە بەشێك لەو ڕێکەوتنانە کرد کە لەساڵی٢٠٠٣، بەدوای یەکەم کۆبوونەوەی ئەوپێنج وەڵاتە لە تورکمەنستان پەسەندیان کردبوو. ئەحمەدی نژاد لە قسەکانیدا گلەیی لە جێ بە جێ نەکردنی بڕگەکانی ڕێکەوتنەکانی تورکمەنستان کرد.

وەك ڕوونە، جیاواز لە ئێران چوار وەڵاتی دیکە، واتە ڕوسیە، تورکمەنستان، ئازەربایجان و قەزاخستان، لەڕیزی ئەو وەڵاتانەن کە پێك هێنەری کۆمارەکانی یەکێتی شۆرەوی بوون. ئەگەرچی ئەو وەڵاتانە خاوەن حکومەت و دەسەڵاتی سەربەخۆن، بەڵام بەپێی ئەو سیاسەت و هەڵوێستە نوێ یانەی دەوڵەتی ڕوسیە، لەلایێك لە هەوڵی دروست کردنەوەی بەرەییك لە بەرانبەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا دایە و لەلاییکی دیکەوە لە هەوڵدایە نفوزی سیاسی بەسەر وەڵاتانی کۆمارەکانی شۆرەویی کۆندا بمێنێ. هەر بۆیە سیاسەتەکانی ڕوسیە بەشێوەییکە کە ئەگەر هەرکام لە وەڵاتانی کۆمارەکانی شۆرەویی ڕابردوو پێوەندی سیاسی و سەربازی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەبێ دەکەوێتە بەر فشاری ڕوسیەو کێشەی بۆ دروست دەکرێ، هەروەك ئێستا کێشەی بۆ گورجستان دروست کردوەو هاوکاری نەتەوەی ئەفخازیا دەکا بۆ ئەوەی سەربەخۆیی لە گورجستان وەرگرن.

لێرەدا دەبێ بزانین شوێن و جێگەی ڕژیمی ئاخوندی لە پێك هاتەی پێنج دەوڵەتەدا چی یە. وەك ئاشکرایە ڕژیمی ئێران کێشەی لەگەڵ ئەمریکا هەیەو دەوڵەتی ڕوسیەش کەڵکی لەو کێشەیە وەرگرتوە بۆئەوەی زیاتر بتوانێ ڕژیم بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و قازانجی ئابووری و بازرگانی زۆری لێ وەدەست بێنێ. بەو قازانجانەی دەوڵەتی ڕوسیە لە ڕژیمی ئێران دەستی دەکەوێ، پێ ی خۆش نیە کێشەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی کۆتایی پێ بێ، بەو وردە دیفاعانەش لە ڕاگەیندراوەکاندا لە ڕژیمی دەکا تەنیا مەبەستیەتی دڵی دەسەڵاتدارانی لە ئێران خۆش بکا بەوەی ڕوسیە دیفاعیان لێ دەکا. ئەوە ئاشکرایە لە پێوەندیەکان لەنێوان وەڵاتان هەمیشە قازانجەکان و مەبەستە بنەڕەتیەکان قسەی یەکەم دەکەن. ڕژیمی ئاخوندی ئەگەر دڵی بە ڕوسیە خۆشە کە لە هەر هەل و مەرجێکدا پشتی بگرێ، خۆی فریوداوە، مەگەر دوو بڕیارنامەی ئابلوقە لە دژی ڕژیم بە ڕەزایەتی ڕوسیە و چین لە ئەنجومەنی ئاسایش پەسەند نەکرا.؟ مەگەر دامەزراوەی ناوکەیی بووشێهر بەپێ ی ڕێکەوتنامەکان لەنێوان ڕژیمی ئێران و ڕوسیەدا نەدەبوو تا ئێستا کاری بکردایە؟ شك لەوەدا نیە، ڕوسیە نزیکی لە ڕژیمی ئێران و حکومەتەکانی دیکە لەو ناوچەدا تەنیا بە قازانجی خۆی و مەبەستە سیاسی و ئیستراتیژیکەکانی بەکار دێنێ.

لەپێوەند بە دەریای خەزەرو سەرچاوە سروشتیەکانی، ڕوسیە زۆر دەمێکە بەبێ پرسی ڕژیمی ئێران، کەڵکیان لێ وەردەگرێ، هەرچەندە ڕژیمی ئێران داوای لە ڕوسیە و وەڵاتانی شەریکی دەریای خەزەر کردوە کە بێ ڕەزامەندی هەموو دەوڵەتەکان کەڵك لە سەرچاوە سروشتیەکان وەرنەگرن و چەند جار ڕایگەیاندوە دەریای خەزەر بەشی هەرەزۆری ئی ئێرانە، بەڵام هیچ کام لە وەڵاتانە گوێ یان بە داواکانی ڕژیم نەداو ڕایانگەیاندوە بەشی ئێران لە دەریای خەزەر تەنیا ١٧ تا ٢٠ لەسەدە. بەو هەڵە و خەیانەتانە رژیمی ئێران بەرانبەر بە خەڵکی ئێرانی دەیکا نزیکە جارێکی دیکە ڕوداوە مێژووییەکان دووبارە بێتەوە و سەر لە نوێ ڕێکەوتنی تورکمەنچای سەرهەڵداتەوە، حکومەتی ئەوکاتەی ئێران بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی سەربەخۆ و نەبوونی شارەزایی کارێکی کرد بەشێك لە خاکی ئێران بەفیڕۆ بچێ و بخرێتە سەر خاکی روسیە. بە سیاسەتی هەڵەی فەتحعلی شا لە سەدەی هەژدەدا، ئێران بووە مەیدانی تەران تەرانی دەسەڵاتە پاوان خوازەکانی ئینگلستان و فەڕانسە و ڕوسیە و هەرکام لەو دەسەڵاتانە ڕێکەوتنی جیا جیایان لەگەڵ حکومەتی فەتحعلی شا دا ئیمزا دەکرد بۆ وەدی هاتنی قازانجەکانی، کاتێکیش حکومەتی فەتحعلی شا پێویستی بە هاوکاری هەرکام لەو دەوڵەتانە بوو، پشتیان تێ دەکرد. ئاکامەکەشی ئەوە بوو کە دەوڵەتی ڕوسیە لە ساڵی ١٨٤٦ توانی تاشکەند و تورکمەنستان داگیر بکاو دەستی بگاتە دەریای خەزەر.

بەڵێ ئەگەرچی ئێستا سەدەی بیست و یەکەو ئاڵ و گۆڕی زۆر لە وەزعی جوغرافیایی و تەنانەت سیاسی و زانست و پێشکەوتنی مرۆڤ و شێوەی پێوەندیە نێو دەوڵەتیەکان دەبیندرێ، بەڵام بەو هەموو ئاڵ و گۆڕانەش، قازانج خوازی ومعامەلەی دەسەڵات و دەوڵەتە خاوەن هێزەکان بەسەر دەسەڵاتە کەم هێزەکان گۆڕانی بەسەردا نەهاتوەو، ئەگەر ئاڵ و گۆڕێکی کەم بەرچاو دەکەوێ، ئەوە لەشێوەی کارکردو تاکتیکەکاندایە نەك لە ئیستراتیژیك و سیاسەتە ڕیشەییەکاندا. گومان لەوەدا نیە کە ڕوسیە حەز ناکا رژیمی ئێران بۆمبی ئەتۆمی هەبێ و رازی نیە دەستی بەسەر نیوەی دەریای خەزەردا را بگا. ئەوەی ڕوسیە گەرەکیەتی بوونی ئێرانێکی کەم هێزو کەم توانایە کە نەتوانێ لە درێژماوەدا کێشەی بۆ دروست بکاو دەسەڵات لە ئێران بە بەردەوامی لە قازانجی ڕوسیەدا کاربکا، وەك ئەوەی ئێستا دەبیندرێ.

دیارە دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی بە خەیاڵی خۆیان ئاکامی کۆبوونەوەی پێنج دەوڵەتەکەی سەر دەریای خەزەر لە تاران، بە قازانجیان کۆتایی پێ هاتوەو ڕژیم لەو کۆبوونەوەدا توانیویە مەبەستەکانی بپێکێ و بەرەییك لە بەرانبەر ئەمریکادا دروست بکا. بەڵام ئەوەی لەو کۆبوونەوەدا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و قازانجی دەست کەوت دەوڵەتی ڕوسیە بوو، چونکە لەلایێك چەندین ڕێکەوتنی بازرگانی لەگەڵ ڕژیم ئیمزا کرد و خۆشی لەو بەڵێنانە شاردەوە کە دەبوو بە ئێرانی بدا بۆ دەست ڕاگەیشتنی بە سەر بەشەکەی ئێران لە دەریای خەزەر و سەرچاوە سروشتیە دەوڵەمەندەکانی. لە پێوەند بە پشت گیری کردنی ڕژیمی ئێران. هەر کات کار کەوتە گەلە ناسکەو مەوزوعەکە قووڵ بۆوە ڕوسیە و باقی وەڵاتان پشتی ڕژیمی ئێران ناگرن، بۆیە دەردەکەوێ ئەم جارەش رژیمی ئاخوندی دۆڕاندوویەتی.

## ئاشکرابوونی سێ کۆمپانیای سەربە رژیمی ئاخوندی لە ئاڵمان لەلایەن شورای ملی مقاومەتی ئێرانەوە

ڕۆژنامەی واشنگتن پۆست بڵاوی کردەوە شورای مللی مقاومەتی ئێران ناوی سێ کۆمپانیای سەربە رژیمی ئێران لە ئاڵمان ئاشکرا کردوە کە لە هەوڵی وەدەست هێنانی کەل و پەل و پێداویستی گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیمی ئێران دابوو. شورای مللی مقاومت ئەو سێ کۆمپانیایەی لە ئاڵمان ناسانەوە کە پێوەندیان بەوەزارەتی بەرگری رژیمی ئێران هەیە. ئەو کۆمپانیایانە لە هەوڵی وەدەست هێنانی کەل و پەلی دیفاعی و سەربازی بۆ رژیمی ئێرن بوون. بەپێی ئەو ئاشکرا کردنە نازانەی سێ کۆمپانیای ئاسکوتج،کۆمپانیای فەرزانەگان و کۆمپانیای پەریشاسیستم هەڵسورانیان لە شاری دوسلدورفی ئاڵمان داهەیە. بەپێ ی ئەو زانیاریە تازانە کۆمپانیای فەرزانەگان بەشێك لە سازمانی پیشەسازی دیفاعی رژیمی ئێرانە کە کەل و پەل بۆ بەرنامە موشەك دروست کردنە ئێرانیەکان پەیدادەکا. کۆمپانیای ئاسکوتج کاری کرینی کەل و پەل بۆ سازمانی پیشەسازی فەزای ئێران کە لە دروست کردنی موشەك و فرۆکە دا کاردەکا. کۆمپانیای ئاسکوتج لە ژێر چاودێری شیرکەتی فولادی خوزستان کاردەکا و لە قاچاغی کردنی پۆڵای تایبەت و بەشێك لە بەشەکانی دیکە دەستی هەیە. پۆڵای تایبەت پێك هاتەکەر زۆر قایم و سەختە کە لە سانتریفۆرەکان بەکاردەهێندرێ. شاهینی قوبادی وتەبێژی شورای کللی مقاومەت ئاشکرای کرد بەشێك لە کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە ئاڵمانی و بەرپرسان و موودێرەکان و تێکرای ئێرانن.

# پیرۆز بێ ١٠ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات



لە مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، رۆژی گەورەی نیشتمانی ئەوتۆ هەیە کە حەقە بە بایەخەوە لێ یان بڕواندرێ و گرینگیان پێ بدرێ. رۆژانی ئەوتۆ کە چارەنووسی جوڵانەوەی کوردیان گۆڕیوەو بوونە هۆی بەرەو پێش چوونی دۆزی گەلی کوردستان.

١٠ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ یەکێك لەو رۆژە گرینگ و پڕ بەهایانەیە کە جوڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد لە کوردستانی ئێران بوویەتی لەو رۆژەدا هێزی بەکرێگیراوی رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندەکان بە فەرمانی خومەینی هێرشی هێنایە سەر کوردستان و هەوڵی دا گەلی کورد لە داواکردنی مافەکانی پاشگەز بکاتەوە و بە ستەم و هەرەشەو حوکمی قەرە قووشی و مەزهەبی ووشك بە سەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێ. بەڵام رۆڵەکانی گەلی کورد، رێبوارانی رێگەی ئازادی، ملیان بۆ ویستی نارەوای دەسەڵاتی ئاخوندەکان و هێزە چەکدارەکانی دانەنواند و لە بەرانبەر ئاخوندەکاندا رێگەی خەبات و بەرخۆدانیان گرتەبەر.

لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی رژیمی خومەینی و پاش ئەوەی ئاخوندەکان ئامادە نەبوون مافەکانی گەلی کورد دابین بکەن، گەلی ستەم لێکراوی کوردستان هەوڵیدا لە رێگەی ووتووێژ و ئاشتیەوە ماف و ئازادیەکانی وەدەست بێنێ و دەسەڵاتدارانی رژیم لەو راستیە حاڵی بکا کە کورد ئاشتی دەوێ و سەر بۆ ستەم و بێعداڵەتی شۆر ناکا. بەڵام ئاخوندەکان گوێ یان بە داوای کورد نەدا و لە جیات ملدان بۆ ویستە بە حەقەکانی کورد، هێرش و تۆقاندنیان کردە رێرەوەی کاریان.

ئەگەرچی هاونیشتمانانی کوردستان و ئازادیخوازان و رۆشنبیران و کەسایەتیە سیاسی و خاوەن نفوزەکان لە کوردستاندا، هومێدوار بوون هیچ نەبێ بە شێوەی مەدەنیانە و بێ توند و تیژی بەردەوام بن لە هەوڵەکان و تێکۆشانیان لە پێناو مەبەست و ئامانجە نیشتمانیەکانیان، بەڵام خومەینی و کار بەدەستانی ئەو رژیمە بەردەوام لە تەپڵی شەریان دەدا و رێگەی ئاشتی و ووتوویژیان دادەخست و بە هەرەشە و توند و تیژی رووبەرووی رێ پێوان و نارەزایەتی خەڵکی کوردستان دەبوونەوە.

هێزە چەکدارەکانی دەسەڵاتداریی نوێ کە بەشێکی سەرەکیان کەسانی لات و لووت و بەرگاراجی بوون چەکدار کران و هێزێکیان لە ژێر ناوی سپای پاسدارانی ئینقلاب لێ دروست کراو بەرەو کوردستان بەرێ کران. هەروەها ئەرتەشی ژێر فەرمانی ئاخوندەکان کە لە سەردەمی راپەرینی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ تووشی شێواوی ببوو، سەر لە نوێ سازمان درایەوە و بە فەرمانی ئاخوندەکان یەکەم چالاکی سەربازی لە دژی خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد.

بەڵێ لەو هەل و مەرجانەدا، کە کوردستان و گەلی ستەم لێکراو و تینووی ئازادی بە هومێد بوون، رژیمی بە ناو ئینقلابی و تازە کار، ماف و داواکانیان جێ بە جێ بکا، بە داخەوە دەستووری بە هێزە سەربازیەکانی دا، هێرش بکەنە سەر کوردستان و ئەو گەلە ئاشتیخواز و ستەم لێکراوە بدەنە بەر تۆپ و بۆمبارانی ئاسمانی.

خەڵکی کوردستان کە بێجگە لە دیفاع و بەربەرەکانێ لە بەرانبەر هێزی داگیرکەری رژیم رێگەییکی دیکەی نەما بوو، ناچار بوو، لە بەرانبەر دەسەڵاتی ستەمگەری ئاخوندەکان و هێزە سەرکوتگەرەکەی دا دەست بداتە دیفاع و بەربەرەکانێ و پارێزگاری لە نیشتمان. هەر بۆیە بە چەکی سەرەتایی رووبەرووی ئەو هێزە تەیار بە چەك و چۆڵە پێش کەوتووەدا، وێستانەوە.

لە ماوەی دیفاعی گەلی کورد و هێزی پێشمەرگە کۆڵنەدەرەکانی کوردستان، داستانی زۆر گرینگ و سەروەریی کەم وێنە تۆمار کراون کە رۆژی ١٠ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆری یەکێك لەو رۆژانەیە کە سەروەرییێکی کەم وێنەی لە دیفاع و پارێزگاری لە نیشتمان و گەلی کوردی تێدا تۆمار کراوە و بۆ هەتا هەتایە وەك رۆژێکی مێژوویی و بەربەرەکانی لە بەرانبەر هێزە داگیرکەرەکانی رژیمە ستەمگەر و ملهۆرەکاندا دەمێنێتەوە. لە رۆژی ١٠ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی کۆچی خۆری هێزێکی تەیار بە چەك بە ناوی گاردی جاویدان کە لە رژیمی پێشووی شایەتی بۆ رژیمی ئاخوندەکان بە میرات مابۆوە، مانۆری بە شارەکانی کوردستاندا دەدا، کە لە دە کیلومیتری شاری بانە، ٨ پێشمەرگەیان شەهید کرد، لە دوای شەهید بوونی ٨ پێشمەرگەی قارەمان، هێزی پێشمەرگەی سازمان و جەماوەری بانە لە دەروازە و پردی شار زەربەتی گورچوبریان لەو هێزەی دژمن داو بەشی زۆریان تیا چوون و ژمارەیێکیان لێ بەدیل گیراو دەیان ماشینیان ئاوری تێ بەردرا.

لە دوای ئەو جەنگە کەم وێنەیەدەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی ناچار بوون شەر لە دژی گەلی کوردستان راوەستێنن و داوای ووتوێژ بکەن. ئەو شەرەکەم وێنە و قارەمانانەیە کە بەشی سەرەکی لە فیداکاری و گیانبازی رۆڵەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران تۆمار کراوە. بۆ قەدر زانین بەرانبەر شەهیدان و پێشمەرگە دلێرەکانی سازمان و گرێ دانی سەروەریەکانی شۆرەسوارانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٨ سەرکردایەتی سازمان، بە بریارێك رۆژی ١٠ی خەزەڵوەری بە رۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ناساند.

جێگەی خۆیەتی بەم بۆنەوە سڵاو و درود بنێرین بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لەو جەنگە کەم وێنەیەدا دەوریان هەبوو، و پیرۆزبایی گەرمیان پێشکەش بکەین.

هەروەها درود دەنێرین بۆ رۆحی بەرزە فری شەهیدانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە تایبەت ئەو شەهیدانەی لەو جەنگە مێژوویەدا بە گیانی پاکیان سەنەدی حەقانیەتی جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان و سازمانی خەبات یان مۆر کرد.

جارێکی دیکە پیرۆز بێ ١٠ی خەزەڵوەر رۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.

بروخێ رژیمی ملهوری ئاخوندی،

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد،

کۆمیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ی کۆچی خۆری

***